خۆشەویستترین شوێن لە لای اللە مزگەوتەکانن، وەرقاویترین شوێن لە لای اللە بازاڕەکانن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت:
«خۆشەویستترین شوێن لە لای اللە مزگەوتەکانن، وەرقاویترین شوێن لە لای اللە بازاڕەکانن».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە خۆشەویستترین شوێن لە لای اللە -عز وجل- مزگەوتەکانن؛ چونکە شوێنی پەرستن، ولەسەر تەقواداری بنیات نراون، وەرقاویترین شوێن لە لای اللە بازاڕەکانن؛ چونکە زۆر جار شوێنی فێڵ وهەڵخەڵەتاندن وڕیبا وسوێندی درۆ وشکاندنی پەیمان وپشتکردنن لە یادی اللە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4933